# یاسای رۆژنامەوانی پێوەرێک بۆ دەرخستنی ناوەڕۆکی دەسەڵاتی کوردی


خەلیل غەزەلی

khalil.ghazali@gmail.com




حەوتووی ڕابردوو پارلێمانی کوردستان گەلاڵەی یاسای رۆژنامەوانیی دایەبەر باس و لێکۆڵینەوە و ئەو یاسایەی کەلە لایەن سەندیکای رۆژنامەوانانەوە گەلاڵە کرابوو، بە هێندێک دەستێوەردانەوە پەسند کرد. ئەڵبەت کاتێک دەڵێم هێندێک مەبەستە لە رووالەت دایە، چوونکە لە باری ناوەرۆکەوە گۆڕانی گەورەی بەسەردا هێناوە. بەشێوەیەک لە ماوەیەکی کورتدا لەگەڵ دژکردەوە و بەرهەڵستی رۆژنامەوانان و ناوەندەکانی داکۆکیکاری ئازادیی رۆژنانەوانی لە ناوخۆ و دەرەوە ڕووبەڕوو بوو.

ئەوەی جێگەی باسە، ئەو گەلاڵەیە کە سەندیکای رۆژنامەوانان ئامادەی کردوە، خۆی لە خۆیدا جێگەی قسەیە. لەبەر ئەوە لە زۆر بارەوە بەرەولای دەسەلات دایشکاندوە کە سزادانی زۆژنامەوان و تا ڕادەیەک بەرتەسک کردنی ئازادیی دەربڕین و نووسین و بلاوکردنەوە نموونەکانیەتی. بۆ ئەم کارەش سەندیکا هەلومەرجی ئیقلیمی و بارودۆخی ئیستای کوردستان و ئیراقی کردوەتە بیانوو.

لە هەرحاڵدا چاوەروان دەکرا کە پارلێمانی کوردستان ئەگەر رەخنە لە بەرتەسک کردنەوەکانی نووسین و بلاوکردنەوە ناگرێت، لانی کەم ئەو یاسایە نیوەچڵە دێموکراتیکەی بێ دەست تێوەردان پەسەند کردایە. بەلام وەک دیتمان بە گۆڕانی یا دەستێوەردان لە هێندێک خاڵەکانی یاساکە، ڕاست لەگەڵ یاسا کۆنەپەرستانەکانی دەوڵەتانی دەوروبەر هاو شێوەیەیان کردوە. واتا کاتێ چاو لە ناوەرۆکی گەلاڵەی پەسندکراوی پارلێمان دەکەی، ڕاست دەسەلاتەکانی دەوروبەرت دێتە پێشچاو کە چۆن پێشکەوتن و ئازادیان لە مەنگەنەی "یاسا" دا جەڕ داوە و وەک سەگی هار بەربوونەتە گیانی توێژی پێشرەوی کۆمەڵگە، واتا نووسەران و بەرهەمهێنەرانی فیکر وئەندێشە و بلاوکەرەوانی ڕاستیی‌یەکان.

زۆربەداخەوە پارلێمانی کوردستان بەو هەنگاوەی دەچێتە پاڵ ئەو دەسەڵاتانەی کە لە بلاوکردنەوەی ئازادانەی خەبەر و هەواڵ دەترسێن و نووسینی ڕاستی و بەرهەمهێنانی فیکری سەربەستی و یەکسانی و دادپەروەریی کۆمەلایەتی بە دوژمنی دەسەلاتەکەیان دەزانن.

من نازانم کە ئەو پارلێمانتارانەی ئەو گەلاڵەیان پەسند کردووە چەندە شارەزای پیشەی رۆژنامەوانین و ئایا هەر دەزانن کە رۆژنامەوانی یەکێک لە ستوون و کۆڵەکەکانی پارێزەری ئازادی و دیموکراسییە؟ ئەگەر ئەوە بزانن ئەو هەڵویستەیان گرتبێ، ئەوە دیارە کە پێگەی فیکری و شوێنی کۆمەلایەتی خۆیان دەرخستووە کە ئەویش هیچ نییە مەگەر هەوڵدان بۆ سەپاندنی دەسەلاتێکی رەش و دژی ئازادی و یەکسانی، کە تەنیا بە سەرکوت و راوەستان لەبەرابەر بەرژەوەندیی کۆمەلانی خەڵک و خۆ بەستنەوە بە بێگانە دەتوانێ دەستەبەر بێت.

ئەگەریش ئاگایان لە جێگە و پێگەی رۆژنامەوانی نیە ، کە بەهۆی پێکهاتە(تەرکیب) ی پارلێمان و دابەشکردنی کورسی لە نێوان حیزبەکاندا، ئەو بێ خەبەرەیە زۆرتر خۆی دەنوێنێ، وا باشە بێ ئەوە تووشی رووحزلی بن، بۆ بەرژەوەندیی بالای کوردستان و راگرتنی دەسەڵاتی کوردی لە ریزی دەسەڵاتانی پارێزەری ئازادیی نووسین و دربڕین، بە گەڵاڵەکەدا بچنەوە و ئەو خاڵانەی کەلەگەڵ یاسا نێونەتەوەیییەکانی بڵاوکردنەوە و دەربڕین دژایەتیان هەیە، راست بکەنەوە و لەگەل یاساکانی دیموکرات و ئیمرۆژی هاودەقی بکەن. دیارە ئەمە پێش هەموو ئەرکی سەرۆکی پارلێمانە .

پارلێمانی کوردستان و هەروەها دەسەڵاتی کوردی دەبێ بزانن کەلە سەردەمێک دا هەلی پێکهاتن و خۆدەرخستنیان بۆ رەخساوە کە جیهان گۆڕانێکی (ئاسۆیی و ئەستوونی)ی قووڵی بەخۆیەوە دیتووە. ئیمرۆ لاسا کردنەوەی دەسەڵاتە کۆنەپەرست و سەرکوتگەرەکانی ناوچە و لە سەروویانە دەسەڵاتی جەنایەتکار و پاشەرۆخوازی ئیسلامیی ئێران و دەسەڵاتە دز و تاڵانچیەکانی زاڵ بەسەر وڵاتانی عەرەبی و تا رادەیەک کەماڵێزم کردنەوە، خۆ فریو دانە. چوونکە:

یەکەم؛ کوردستان و گەلی کورد لەدەستی سەرکوتگەران و دەوڵەتانی ئەو شێوە بەرادەی پێویست جەزرەبە و ماڵوێرانی و کوشت و بڕ و تاڵانکردنی سامانی وڵاتەکەیان دیوە. ئیتر سزاوار نییە ،دەسەڵاتێک کە دەبوا بۆ سرینەوەی ئەو هەموو ناعەداڵەتی و تاوانە پێکبهاتبای ،خۆی درێژەدەری ئەو ریگایە بێت کە کاربەدەستانی سەردەمێک خۆیان (راست یا درۆ) بە دژی شەریان کردووە.

دووەم؛ لە سەردەمی گەشەی گورج و بەرینی پێوەندیەکان( ئینتێرنێت، ساتێلایت، تەلەفوون و میدیاکان)،گەرانەوە بۆ پاشەوە و دارشتنی یاساکان بە گوێرەی رابردوو، تەنیا خۆ زەحمەت دان و خۆ خراپکردنە. لەبەر ئەوەی رەنگە بەو شێوە بتوانرێ لە ناوخۆ پێش بە چەند رۆژنامە بگرن، بەڵام ئەی بەو هەزاران و ملوێنان کوردە چی دەکەن لە لە دەرەوەی کوردستانن و دەستان بە بڵاوکردنەوەی ئازاد دەگات و هەر ئێستە بە وەرێ خستنی تۆری بڵاوکردنەوە خەریکی بەجێ هێنانی ئەرکی رۆژنامەوانیی ئازادن؟ خۆ ئەوەش دەزانن کە ئیمرۆ بە بوونی ئامرازەکانی پێوەندیی ئیتر هیچ دەسەڵاتێکی داخراو، توانای پێشگرتنی بە بڵاو بوونەوەی خەبەر و پێوەندیی دانیشتوانی وڵاتەکەی نییە. ئیمرۆ لە هەر شوێنێکی کوردستان رووداوێک رووبدا، بە چرکەیەک لە هەموو جیهاندا بڵاو دەبێتەوە، ئیتر ئەگەر ئەوە 4 رۆژنامە کەلە کوردستان دەردەچن بڵاوی نەکەنەوە، هیچ تەگەرەیەک ناکەوێتە پێش بڵاوبوونەوەی هەواڵی ئەو رووداوە.

بۆیە گەر دەسەڵاتی کوردی دیهەوێت لە گەڵ گۆڕانکارییەکانی جیهانی ئیمرۆ بێت، وا باشترە وەک ئیدیعا دەکات، یاساکانیشی لە هەموو بارێکەوە ولەوانە لە بواری رۆژنامەوانیدا، هاودەقی نورم و خواستی کۆمەڵگای جیهانی و لەوانە ناوەندەکانی نێونەتەوەیی پێوەندیدار بێت. تەنیا لە هەڵوێستێکی ئەوتۆدایە کە کوردستان دەتوانێ ببێتە وڵاتێکی پێشکەوتوو و بەختەوەر. نموونەی وڵاتی واش هەر لەناوچەکەماندا هەیە.

گەر بێتو ئێمە وڵاتی ئیسرائیل و وڵاتانی عەرەب پێکەوە هەڵسەنگێنین، دەبینین کە هەموو وڵاتانی عەرەبی خاوەن دەسەڵاتدارانی سەرەڕۆ، دز،جەنایەتکار و دژی نەتەوەی خۆیانن. هەر ئەوەشە لە نێو هەموو وڵاتانی عەرەبیدا تاقە وڵاتێکیش نابینرێت کە تێدا ئازادی و پێشکەوتن ببینرێت و سەرەرای ئەوەی زۆربەیان لە سەر دەریای نەوت دانیشتوون، نوقمی

هەژاری و دواکەوتوویی و خورافاتن. لەبەرابەردا لە ئیسرائیل(کە پاش شەڕی دووەمی جیهانی پێکیان هێناوە) بەهۆی خۆدەقدان لەگەڵ نورمەکانی جیهانی ئیمڕۆ، سەرەڕای ئەوەی لەچەند لاوە لە شەردا بووە و هێشتاش هەیە، بەڵام لەباری پێشکەوتن و ئازادیی بۆ هاووڵاتیانی خۆی لە هیچ وڵاتێکی ئازادی ئیمڕۆی جیهان کەمتر نییە و هەر ئەوەش بووەتە رەمزی پشتیوانی کردنی کۆمەڵانی خەڵک لە رۆژانی سەخت و دژواردا . چوونکە دەسەڵاتەکە بە هین خۆیان دەزانن و هەمووشمان دەزانین چۆن پارێزگاریی لێدەکەن.

بۆ دەسەڵاتی کوردیش ئێستە کاتی هەڵبژاردنە کە ئایا دەیەوێت دەسەڵاتێک لە چەشنی ئیران یا عەرەبەکان پێك بێنی و بە پۆلیس و زیندان و سەرکوت دەسەڵاتەکەی راگری(کە بەباوەڕی من زەحمەتە و هەلومەرجی ئیمڕۆ و وشیاریی کۆمەڵانی خەڵک ئەو دەرەتانەی پێنادا)،یا ئەوەی جێگەی خۆی لە نێو دەسەڵاتانی هەڵبژاردەی خەلکدا ببینێتەوە و رێبازی ئازادیی و دادپەروەریی هەڵبژێرێت.ئەگەرچی زۆر بەداخەوە کردەوەی تا ئیستای ئەو دەسەڵاتە دڵخۆشکەر نییە.

**تێبینی:** دیارە هێنانی ناوی ئیسرائیل وەک نموونە بەمانای دیفاعی من لە دەسدرێژکارییەکانی ئەو وڵاتە نییە . من مافی دیاریکردنی چارەنووس بۆ هەردووک لا(فەلەستین و ئیسرائیل ) وەک یەک دەسەلمێنم